## لینین

# دەوڵەت

کرێکارانی جیهان، یەکگرن..

www.rawij.com

لەلایەکی ترەوە، دەوریان لەناکام مانەوەی ئەو پێشبینییانە ــ بەو شێوەیە ــ گێڕا. گرنگی ئەم باسە لەوەدایە کە لینین بەزمانێکی سادە مەسەلەی دەوڵەتی داوەتە بەر هەڵسەنگاندنی زانستیانە. لەکۆتایی ئەم بەشەشدا ڕاستەخۆ ئیشارەتی بەم مەسەلەیە کردووە کە ئەگەر بەرنامەکانی حزبو قانونی ئەساسی سۆڤیەت نەچێتە پێش؛ ئەوا دەوڵەتێکمان دەبێت بەهەمان جەوهەرو ناوەڕۆکی سەرمایەدارییەوە، کە لەکۆتاییدا هەر وای لێهات ... ــ و ــ.

5* لەپەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی ئەمریکاو ڕادەی هێزە نیزامییەکانی ئەو سەردەمەیان پێویستە بووترێ کە هەموو بۆچوونەکانی لینین سەبارەت بە دەسەڵاتداری کردنی دڕندەترینو هارترین کۆڕو کۆمەڵی سەرمایەداری بەسەر ئەمریکادا شتێکی زۆر دروستو تەنانەت زمانی حاڵی ئێستاشن، هەر ئەم نیزامە سەرمایەدارییە وەك لەسروشتی خۆیدا هەیە بەرەو نیزامیگەری(عەسکەرتاریەت) توندوتۆڵو قسەکردن بەزمانی چەك هەنگاوی ناو گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ئەمڕۆکە باڵادەستی جیهانێتی وەرگرتووە، لەم بابەتەوە زۆر لەگەڵ ساڵەکانی کۆتایی سەدەی 19 کە تازە خەریکی خۆ ڕزگارکردن لەقەیرانو ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆیی شیمالو جنوب بوو، جیاوازی هەیە. ــ و ــ)

www.rawij.com





# وانەیەك سەبارەت بە دەوڵەت*

## (لینین لەڕۆژی 11ی تەموزی ساڵی 1919 ئەم ووتارەی ئاراستەی خوێندکارانی زانستگای سفردلۆف** کرد).

***هاوڕێیان:-***

قەرارە بەپێی بڕیاری خۆتان ئەمڕۆ لەسەر مەسەلەی دەوڵەت قسەتان بۆ بکەم. نازانم تا چ ڕادەیەك پێشتر شارەزای ئەم مەسەلەیە بوون یان هەن. بەهەرحاڵ ئەگەر هەڵەم نەکردبێ دەرسەکانتان تازە دەستی پێکردووەو ئەمەش یەکەمجارە کە بەشێوەی سیستماتیك بەرەوڕووی ئەم باسە بوونەتەوە، ئەگەر وابێت لەوانەیە نەتوانم لەم باسە سەرەتاییەدا سەرکەوتووانە سەبارەت بەم مەسەلە ئاڵۆزە واتە دەوڵەت باسێکی پوختو پاراوو هەمەلایەنەتان پێشکەش بکەم، ئەگەر وابوو داواتان لێدەکەم هیچ سڵنەکەن، چونکە دەوڵەت مەسەلەیەکی ئاڵۆزو دژوارە، دەتوانم بڵێم لێکۆڵەران، نوسەرانو فەیلەسوفەکانی سەرمایەداری ئەم مەسەلەی دەوڵەتەیان ڕەنگە پتر لەهەر باسێکی دیکە ئاوەژوو تەماوی نیشانداوە، جا بۆیە نابێ چاوەڕوانی ئەوەبن هەروا بەئاسانی لەیەك دانیشتنو قسەکردندا سەر لەهەموو سووچو کەلێنێکی ئەم باسە دەربکەن. دەبێ پاش تەواوبوونی ئەم یەکەم باسە نوسراوە لەو بەشانە هەڵبگرنەوە کە بۆتان نادیارو ئاڵۆزکاوەو بەباشی تێینەگەیشتوون، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دووبارەو چەند بارە سەرلەنوێ بگەڕێینەوە سەر ئەو باسانەی کەباش لێیحاڵی نەبوون، دەبێ کۆبوونەوەی دیکە پێکبهێنن، دەبێ قسەی زیاتری لەسەر بکەن هەتا گرێی ئەو بەشانەی ئاڵۆزکاوو نادیارە بکرێتەوەو پوخت ببێ.

هیوادارم دەرفەتی ئەوەمان هەبێ جارێکی دیکەش لەدەوری یەک کۆببینەوەو بیروڕاکانمان ئاڵوگۆڕبکەین‌و وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە. هەروەها بۆمان دەربکەوێ لایەنە شاراوەو ئاڵۆزەکان لەکوێدان. هەروەها هیوادارم جگە لە پێکهێنانی کۆبوونەوەو دانیشتن بۆ باس‌و لێکۆڵینەوەی ئامووزشی، بڕێکیش خۆتان بەخوێندنەوەی هەندێك لەنوسراوەکانی مارکس‌و ئەنگلس خەریك بکەن، هیچ شکم لەوەدانی‌یە کە دەتوانن ئەم کتێبە زۆر گرنگانە لەکتێبخانەی قوتابخانەکان، شووراکان‌و حزب بەدەستبهێنن .. هەرچەندە دیسان لەوانەیە بڕێکتان سەر لەبۆچوون‌و بەیانی ئەم کتێبانە دەرنەکەن‌و تووشی دڵەڕاوکەبن، بەڵام جارێکی دیکەش پێتان دەڵێمەوە کە بەهیچ جۆرێك نابێ بسڵەمێنەوەو پاشەکشە بکەن. چونکە ئەگەر لەیەکەم خوێندنەوەدا کەمێك دژوار بێتە بەرچاویش حەتمەن لەجاری دووەم یاخود ئەوکاتەی کەلەڕوانگەو سووچێکی دیکەوە بۆی دەچن، پوخت‌و پاراوتر دەبێ. جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەمەوە کە مەسەلەی دەوڵەت خۆی لەخۆیدا زۆر ئاڵۆزەو لێکۆڵەرەوەکان‌و نوسەرانی سەرمایەداریش هاتوون هێندەی تریان پێچ‌و پەنا تێخستووەو ئاوەژوویان کردووە. هەڵبەتە ئەگەر کەسێك بیەوێ بەشێوەیەکی ووردو هەمەلایەنە سەر لەمباسە دەربکات ، زۆر جاران دەبێ خۆی لەقەرەی ئەم باسە بدات‌و بگەڕێتەوە سەری، دەبێ لە ڕووانگەو کەلێنی جۆربەجۆر چاو لەم مەسەلەیە بکات تا لێکتێگەیشتنێکی قووڵ لەم بابەتەوە بەدەستبێنێ. گەڕانەوە سەر ئەم باسە کارەکان زۆر ئاسانتر دەکاتەوە. چونکە ئەم باسە واتە دەوڵەت بەیەکێك لە گرنگترین‌و بناغەیی‌ترین بەشەکانی زانستی سیاسی، نەتەنها لەسەروبەندەکانی شۆڕش‌و گڕکانی کۆمەڵایەتی وەکو ئەمڕۆکەی ئێمە، بەڵکو تەنانەت لەئارامترین دەورانەکانیشدا ڕۆژانە لە ڕۆژنامەو لەگەڵ هەر مەسەلەیەکی سیاسی ـــ ئابووری‌دا بەرەوڕوودەبنەوە، هەموو ڕۆژێك لەبواری جۆربەجۆردا دەگەڕێینەوە سەر ئەم





پرۆلیتاریای ڕووس بوو. هەموو ژیانی لەپێناو سەرخستنی شۆڕشی کرێکاری تەرخانکرد. پتر لە 10ساڵی لەزیندان‌و دوورخراوەیی لە سیبریا بردەسەر. لەساڵی 1912دا بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کرێکاری سۆسیال دیموکراتی ڕووس‌و نەخشێکی بەرچاوی لە سەرخستنی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەرو چەسپاندن‌و بەرگری لەحکومەتی شوراکان لەساڵەکانی شەڕی ناوخۆیی‌دا گێڕا. لە دووەم کۆنگرەی سەرانسەری شورا کرێکاری‌یەکانی ڕووس بەیەکەم سەرۆك کۆماری ووڵاتی شوراکان هەڵبژێردرا. (سفردلۆف) بۆ پەروەردەکردنی کادێرانی حزب یەکەم زانستگای حزبی بەناوی (کۆمۆنیست) دامەزراند، لەپاش مەرگی لە 16ی مارسی 1919 ناوی خۆی لەسەر دانرا.

*2 پێویستە ئیشارەت بەم مەسەلەیە بکەین کە لینین لەم باسەی‌دا لەسەر دەرەبەگایەتی، هەروەك خۆی پێشتر ووتویەتی لێرەدا مەبەستی ئاوڕێکی کورتە لەمێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان‌و چۆنیەتی سەرهەڵدانی چینە نوێکان، دەنا ئەم باسە قسەی زۆر لەمە ووردتر هەڵدەگرێت. بە تایبەت ئیشارەتکردن بەم مەسەلەیەش گرنگە کە تێکرای کۆمەڵگا دەرەبەگی‌یەکان وەك یەك‌و بەیەك شێوەو بەیەك جۆر دابەشبوونی داهات بەڕێوەنەچوون، دەتوانین بڵێین تەنیا لەیەك خاڵدا هاوبەش بوون. ئەویش ئەوەیە کە ئاغاکان کەمینەیەکی کۆمەڵگابوون‌و زۆربەی هەرە زۆری ئیمکاناتی بەرهەمهێنان‌و داهاتی کۆمەڵگایان لەبەردەستدا بووە، ڕەعیەتەکانیش بێبەشترین چینی کۆمەڵگابوون..ئەم ڕاستی‌یە کۆمەڵگاکانی دیکە لە کۆیلەداری‌و سەرمایەداریشەوە دەگرێتەوە.

*3 ژمارەیەکی زۆر لەهەموو توێژەکان "زانایان، هونەرمەندان، کەشیشەکان‌و هی دیکە بەبەرتیل، یاخود تێنەگەیشتووانە چوونەتە خزمەت سەرمایەداری‌یەوە)

*4 پێویستە خوێنەرانی بەڕێز کات‌و ساتی ساڵەکانی 1919 بێننە بەرچاوی خۆیان، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر جوولانەوەی کرێکاری تەوژمێکی یەکجار زۆری بەخۆوە گرتبوو، شەڕی دەستەو یەخەی کرێکاران‌و خاوەن کارگەو کارخانەکان لەهەموو شوێنێکی ئەوروپا بەتایبەتی دەبینرا. لەو کاتەدا پێشبینی شۆڕشی زنجیرەیی لەسەرانسەری دونیادا شتێکی زۆر دوور لەواقعیەت نەبوو، بەرەبەرە بەدوورکەوتنەوەو لادانی ڕابەرانی پاش لینین لە ئامانجە ڕاستەقینەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو جوولانەوەی کرێکاری لەلایەك‌و دڕندەیی نواندن‌و هاربوونی زێدەتری بۆرژوازی جیهانی پاش شەڕی ئۆکتۆبەرو ئەنجامدانی هەندێك ڕیفۆرمی "دیموکراتیك"بەقازانجی کرێکار لێرەولەوێ

(چینی کرێکار) جڵەوی دەسەڵاتمان بەدەستەوە گرتووە. لەم دامودەزگایە وەك گۆپاڵێك بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە چەوساندنەوەیەك کەڵکوەردەگرین. هەر کاتێکیش بواری چەوساندنەوە لەهیچ شوێنێکی دونیا نەما، هەرکات ئاسەوارێك لەخاوەنانی زەوی‌وزارو کارخانەکان نەمان، هەرکاتێك لەشوێنێکی دنیادا یەکێك لەبەر تێری‌و ئەوی‌تریان لەتاو برسێتی بەلادا ناهاتن، بەگشتی هەرکات هیچ بوارێك بۆ ڕەخساندنی ئەو هەلومەرجە نەما ئەوکات ئەم دامودەزگایە دەسپێرینە زبڵدانی مێژوو. ئەوکاتەی ئیتر نە دەوڵەتێك لەگۆڕێدا دەبێت‌و نەچەوسانەوەیەك لەئارادا دەمێنێت. ئەمەیە بیروڕای حزبمان حزبی کۆمۆنیست.

هیوادارم لەووتارەکانی دیکەدا بگەڕێینەوە سەر ئەم باسەو بەردەوام پێ‌ی‌دا بچینەوە.

ب ـ ئارام

1994/5/7

www.rawij.com

**پەراوێزەکان:**

*[1] ژاکوب میخائیل سفردلۆف (1885 – 1919) یەکێك لەڕابەرانی ناسراوو هەڵکەوتەی





پرسیارە کە داخوا دەوڵەت چی‌یەو خاوەنی چ ناوەڕۆکێکەو گرنگی‌یەکەی لەچی‌دایەو حزبی ئێمە، واتە حزبێك کەبۆ نەهێشتنی سەرمایەداری خەبات دەکات ، واتە حزبی کۆمۆنیست دەربارەی دەوڵەت دەڵێ چی‌و چ ڕوانگەیەکی هەیە؟ خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە ئێوە بتوانن لەئەنجامی خوێندنەوەو گوێ‌گرتن لەدانیشتنەکان‌و باسەکانتاندا بتوانن بەشێوەیەکی قووڵ‌و سەربەخۆ لەم باسە بگەن. چونکە ئێوە لەهەلومەرجی جۆربەجۆردا، لەپەیوەندی لەگەڵ ساکارترین گیروگرفتەکانداو لە بواری چاوەڕوان نەکراودا، هەروەها لەباس‌و جەدەل لەگەڵ نەیارەکانیشدا بەرەوڕووی ئەم باسە دەبنەوە جا بۆیە دەتوانم بڵێم تەنیا کاتێك دەتوانن لەسەر بیروڕاو بۆچوونی خۆتان پێ‌دابگرن‌و لەبەرامبەر هەر کەسێکدا داکۆکی لێ‌بکەن کە ڕێگایەکتان بۆ تێگەیشتنێکی سەربەخۆیانە لەم مەسەلەیە دۆزیبێتەوە.

ئێستا پاش ئەم ڕوونکردنەوە کورتە دەچمە سەر ئەم مەسەلەیەی کە دەوڵەت چی‌یەو چۆن سەری‌هەڵداوەو لە ئەساسدا حزبی چینی کرێکار کە بۆ ڕووخاندنی تەواوی کەمالی سەرمایەداری خەبات دەکات واتە حزبی کۆمۆنیست دەبێ چۆن بڕوانێتە مەسەلەی دەوڵەت؟

هەر بەو جۆرەی پێشتر ووتم ئێوە ناتوانن هیچ مەسەلەیەکی دیکە پەیدابکەن کە وەکو مەسەلەی دەوڵەت بەئانقەست یان بەهەڵە لەلایەن نوێنەرانی زانستەکانی سەرمایەداری وەکو: فەلسەفە، فقە، ئابوری، سیاسی‌و ڕۆژنامەگەری بەو جۆرە ئاوەژوو وە تێکەڵ‌و پێکەڵ کرابێت.

تا ئەمرۆ مەسەلەی دەوڵەت تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ مەسائیلی ئایینی تێکەڵکراوە، نەك تەنیا ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەفەلسەفە ئایینی‌یەکان هەیە، (کە دیارە دەبێ هەر ئەو چاوەڕوانی‌یەشمان لێیان هەبێ) بەڵکو لەلایەن ئەو کەسانەی کە وانیشان دەدەن فڕیان بەدەمارگیری ئایینی‌یەوە نی‌یە زۆرجار

تاڕادەیەکی بەرچاو مەسەلەی تایبەتی دەوڵەت لەگەڵ ئاییندا تێکەڵ دەکەن‌و هەوڵدەدەن فەلسەفەیەکی ئاڵۆزکاو بەسیمایەکی بیروباوەڕی‌و فەلسەفی بخەنە بەردەست، فەلسەفەیەك کە ئیدیعا دەکا گوایە دەوڵەت شتێکی ئیلاهی‌یەو لەسەروو سروشتەوە (واتە دوور لەدەسەڵاتی مرۆڤە)، ئەم جۆرە کەسانە دەڵێن دەوڵەت هێزێکی تایبەتی‌یە کە مرۆڤ لە ژێر ئاڵاکەی‌دا دەژی، بەواتایەکی دیکە دەوڵەت هێزێکی خودایی‌یەو دەدرێتە دەست مرۆڤ یان دەکرێ بخرێتە بەردەست مرۆڤ، یان بەجۆرێکی دیکە دەڵێن دەوڵەت شتێکی تایبەتی‌یەو پەیوەندی بەمرۆڤەوە نی‌یە، بەڵکو ئەمانەتێکی خودایی‌یە.

پێویستە وەبیرتان بێنمەوە کە ئەم بیروڕایە پەیوەندی‌یەکی زۆر نزیکی لەگەڵ بەرژەوەندی ئاغاکان‌و سەرمایەدارەکان واتە چینە چەوسێنەرەکاندا هەیە. هەر بەم بۆنەوە دەتوانین بڵێین ئەم بیروڕایانە لەخزمەتی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەم چینە دەسەڵاتدارانەدایە. هەڵبەت دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەو جۆرە بۆچوون‌و تێڕوانینە وەها بەقووڵی ڕەگی خۆی لەناخی فکرو زانستی ئەم جەنابانەی کە نوێنەرانی سەرمایەدارین ـ داکوتاوە کە ئێوە بەچاوی خۆتان جێگا پەنجەو شوێنەواریان لەهەر وولاتێکدا دەبینن. تەنانەت مەنشەویك‌و ئێس ـــ ئارەکانی خۆشمان کە بەڕواڵەت پێیان وایە لەڕوانگەیەکی ووریایانەوە دەڕواننە مەسەلەی دەوڵەت‌و بەتووندی بەرپەرچی هەر جۆرە پێشنیارێك دەدەنەوە کە دەمارگیری‌و ئایینی تێداهەبێ، کەچی لەڕاستی‌دا هەر بەو جۆرە بەڵام بەڕواڵەتێکی دیکەوە دەڕواننە ئەم مەسەلەیە. دەبێ ئەوەش بزانین کە مەقولەی دەوڵەت بۆیە شێوێنراوەچونکە پتر لەهەر مەسەلەیەکی دیکە (جگە لەبنچینەکانی زانستی ئابووری ناسی) پەیوەندی بەبەرژەوەندی چینە دەسەڵاتدارەکانەوە هەیە، سەرمایەداری لەم بیروڕاو بۆچوونە لەمەڕ دەوڵەت وەك ڕێگاخۆش کردنێك بۆ وەرگرتنی ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتی‌و درێژەدان بەچەوسانەوەو هێشتنەوەی





شەڕێکی تووندوتیژی بێبەزەییانە لەدژی سەرمایەداری بۆ کرێکاران ئاشکراتر دەبێ.

دەوڵەتێکی سەرمایەداری بەهەر دەماخێك کە هەڵیببەستێ‌و بەهەر ڕادەکیش کە خۆی بەدیموکراتیك بنوێنێ، لەناوەڕۆکدا پارێزەری خاوەندێتی تایبەتی زەوی‌و کارخانەو ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە.

ئەمە سروشتی نیزامی سەرمایەداری‌یەو سەرمایەی تایبەتی زۆرینەی کۆمەڵگا دەکات بەکۆیلەی کاری بەکرێ! دەوڵەتی سەرمایەداری تەنیا ئامرازێکە بۆ سەرکوتکردنی زۆرینەی خەڵك‌و دابینکردنی باڵادەستی کەمینەیەکی خاوەن سەرمایە. ئەگەر ئەم کۆمارەی ئێمەش هەر بەوجۆرەی کە لە بەرنامەی حزب‌و دەستوری سۆڤیەتدا ڕامانگەیاندووە بەڕێوەنەچێت، هەر دەبێتە هەمان دەوڵەت بەو جەوهەرو ناوەڕۆکەی کە باسمانکرد، ئێمە لێبڕاوین بەوەی کە ئەم ئامرازو دامودەزگایە بخەینە بەردەست ئەو چینەی دەیەوێ دەسەڵاتی سەرمایە لەناوبەرێت. ئێمە بەرپەرچی هەموو ئەو جۆرە بۆچوون‌و عەقڵییەتە کۆنەی کە پێی‌وایە دەوڵەت مانای یەکسانی گشتی‌یە، دەدەینەوە. چونکە جگە لە فێڵ‌و تەڵەکەیەکی ڕیاکارانە بەولاوەتر شتێکی دیکە نی‌یە، چونکە تا ئەو کاتەی چەوسانەوە وجودی هەبێت جێگایەك بۆ یەکسانی گشتی لەگۆڕێدا نابێت. خاوەن کارخانە یان خاوەن زەوی‌وزارێك کەی لەگەڵ کرێکارێکدا دەتوانێت یەکسانبێت؟! یاخود مرۆڤێکی تێرو مرۆڤێکی برسی کەی وەك یەکن؟! خەڵك بەهۆی ترس‌و بیرو فکری ڕەشۆکی (عامیانە)و نازانستییانە سەر بۆ ئەم دەزگایە کە دەوڵەتی ناوە شۆڕدەکەن‌و بڕوا بەم ئەفسانە کۆنە دەهێنن کە گوایا دەوڵەت هەمان دەسەڵاتی تێکڕایی‌و گشتی‌یە.

پرۆلیتاریا کۆتایی بەم ئەفسانەیە دەهێنێ‌و بەدرۆی دەخاتەوەو تێکی دەشکێنێ. تا ئێرە سەرمایەدارەکانمان لەم دامودەزگایە ڕاونـاوەو خۆمان وەك

ئاشکرا دەبێت. بۆنمونە دەتوانین سویسرا لەئەوروپاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەقارەی ئەمریکا ناوبەرین، لەهیچ شوێنێکی دنیادا سەرمایەداری بەم دڵڕەقی‌یە دەسەڵاتداری ناکاتو لەهیچ شوێنێکدا ئەم ڕاستی‌یە تا ئەم ڕادەیە ئاشکرا نی‌یە، لەحاڵێکیشدا دەووترێت ئەم وڵاتانە کۆمارێکی دیموکراتین، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕواڵەتی حکومەتەکانو ڕەنگ گۆڕانی ئەمو ئەو، بەبێ گوێدان بەهاتو هاواری لەمەڕ ئازادی کارو یەکسانی هاووڵاتیان، واقیعیەت ئەمەیە کە لەسویسراو ئەمریکادا سەرمایە جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، هەر جۆرە هەوڵدانێکیش کە کرێکاران بۆ باشترکردنی هەلومەرجی واقیعی ژیان دەیکەن هەرچەندیش کەمو چکۆلەش بێت خێرا دەبێتە شەڕێکی ناوخۆیی[*4]. ئەم وڵاتانە سەربازی کەمترو سوپای ڕێکوپێکی بچووکتریان هەیە[*5] لەسویسرادا شەڕکەری نیوەنیزامی(میلشیا) دەور دەگێڕن. هەر سویسری‌یەك لەماڵی خۆیدا چەکێکی هەیە، لەئەمریکادا تا ماوەیەك لەمەوپێش سوپایەکی یەك دەستی دائیمی لەگۆڕێدا نەبوو. لەبەر ئەم هۆیە کاتێك مانگرتنێك پێکدەهات، سەرمایەدارەکان هەندێك گوێ لەمستیان چەکدار دەکردو دەستەیەك سەربازیان بۆ سەرکوت کردنی مانگرتنەکە بەکرێ‌دەگرت، جووڵانەوەی کرێکاری لەهیچ شوێنێکی دیکە بەم بێبەزەیی‌و توندوتیژی‌یەی کە لەئەمریکاو سویسرادا باوە سەرکوت ناکرێن. لەهیچ شوێنێکی دیکە جێگا پەنجەی نیزامی سەرمایەداری بەم ڕاشکاوی‌یە کە لەپارلمانەکانی ئەم وڵاتانەدا دەبینرێ وەبەرچاو ناکەوێ. دەسەڵاتی سەرمایە باڵادەستی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە. هەروەها بازاڕی بۆرسە چوارچێوەی هەموو شتێك دیاری‌دەکات. لە هەمان کاتدا هەڵبژاردنو پارلمان شتێکی کارتۆنین تا زەمەن تێپەڕدەبێت چاوو گوێی کرێکاران هەرچی زیاتر دەکرێتەوە لێرەوە فکری دامەزراندنی دەسەڵاتی شورایی بەبەرینایی هەرچی زیاتر تەشەنە دەسێنێت، بەتایبەت پاش کوشتوبڕی خوێناوی ئەم دواییانە. هەر ڕۆژ پێویستی





سیستمی سەرمایەداری کەڵك وەردەگرێ. دروست هەر بەم بۆنەیەوە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە چینە دەسەڵاتدارەکان بەشێوەیەکی بێلایەن بڕواننە مەسەلەی دەوڵەت. ئەگەر وابێت گەورەترین هەڵەمان کردووە، هەروەها ئەمەش هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێ چینی دەسەڵاتدار بەئیدعای زانستیەوە دەتوانێ بیروبۆچوونێکی بەڕاستی زانستییانە گەڵاڵە بکات. ئێوە ئەگەر کاتێك تاڕادەی پێویست لەمەسەلەی دەوڵەت بەگشتی‌و لەتیۆری دەوڵەت بگەن، حەتمەن بزانن کە بۆ هەمیشە لەناوەڕۆكو ململانێی نیوان چینە جۆربەجۆرەکانیش دەگەن، ململانێیەك لەمەیدانی بەرەوڕووبوونەوەی بیروبۆچوونەکانی لەمەڕ دەوڵەتو لەهەڵسەنگاندنی دەورو گرنگی دەوڵەت ڕەنگدەداتەوە.

بۆ ئەوەی ، تائەو جێگایەی کە ئیمکانی هەبێ ، لەڕوانگەی زانستیانەوە سەیری دەوڵەت بکەین دەبێ لانی کەم ئاوڕێکی خێرا لەمێژوو، چۆنیەتی سەرهەڵدانو پەرەسەندنی ئەم مەقوولەیە واتە دەوڵەت بدەینەوە، لەمەسەلەی زانستەکانی کۆمەلایەتی‌دا ئەسڵێك هەیە کەزۆر جێگای متمانەو پشتپێبەستنە، ڕەچاوکردنی ئەم ئەسڵە بۆ بەدەستهێنانی شێوازێکی دروست لەشێوەی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم جۆرە مەسەلانە زۆر پێوستە، ڕێگەنادات مرۆڤ کاتی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێك مەسەلەی لاوەکی یاخود بیروڕای جۆربەجۆری دژ بەیەك سەری لێبشێوێ. ئەم ئەسڵە گرنگەش ئەوەیە کە دەبێ بواری پەیوەندی‌یە مێژوویی یەکانی هەر مەسەلەیەك لەبەرچاو بگیرێ، دەبێ بۆ شیکردنەوەی هەر مەسەلەیەك ڕەوتی چۆنێتی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە لەناو مێژوو، هەروەها ئەو قۆناغانەی کە بڕیوێتی تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ، واتە ڕەوتی پەرەسەندنەکەشی لەبەرچاوبگرین.

هیوادارم لەکاتی خوێندنو فێربوونی ئەم مەسەلەیە واتە مەسەلەی دەوڵەت چاوێکیش بەکتێبی (بنچینەی خێزانو خاوەندارێتی تایبەتی‌و دەوڵەت)

لەنووسینی ئەنگلس بکەن. ئەم کتێبە یەکێکە لەسەرەکیترین بەرهەمەکانی سۆسیالیزمی نوێو دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین کە هیچ ڕستەیەکی بەفیڕۆی تێدا نییەو لەسەر بناغەی سەرچاوەی مێژوویی‌و سیاسی دانراوە، شکم لەوەدا نییە کەتێکڕای خوێنەران لەهەموو بەشەکانی ئەم کتێبە وەکو یەك چێژ وەرناگرن‌و بەئاسانی تێی ناگەن، بۆ تێگەیشتن لەهەموو بەشەکانی ئەم کتێبە دەبێ خوێنەر پێشتر هەندێك زانیاری لەمەڕ ئابوری‌و مێژوو هەبێ، بەڵام جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەمەوە کە ئەگەر پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ جاری یەکەم بەتەواوی لێی تێنەگەیشتن بەهیچ جۆرێك دڵساردمەبنەوە، کەم هەڵدەکەوێ کەسێك بۆ یەکەمجار خوێندبێتییەوەو بەباشی تێیگەیشتبێ، واتە بەچوونەوە سەرو خوێندنەوەی سەرلەنوێ، ئەوکاتەی کە پێتان خۆشە دەستیپێبکەنەوەو دەتوانن  زیاتر لەو کتێبە بگەن. من بۆیە ئەم کتێبەم ناوبرد کە بەشێوەیەکی دروست هەر بەو جۆرەی کە پێشتر دەست نیشانم کرد لەگەڵ مەسەلەی دەوڵەت بەرەو ڕووبۆتەوەو دارشتنێکی مێژوویی لە سەرچاوەی دەوڵەتەوە دەست پێدەکات.

ئەم مەسەلەیەش بەوێنەی زۆر مەسەلەی دیکە وەکو سەرچاوەی سەرمایەداری، چەوساندنەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان، سۆسیالیزم‌و چۆنێتی هەلومەرجی سەرهەڵدانی، تەنیا کاتێك دەتوانین لێکی‌بدەینەوەو یەکالای بکەین کەبەگشتی چاوێکیشمان لەمێژووی پەرەسەندنەکەی کردبێ. لەپەیوەندی لەگەڵ ئەم باسەدا بەر لەهەر شتێك دەبێ ئەوە بەبیربهێنمەوە کە دەوڵەت هەمیشە بوونی نەبووە، سەردەمێك هەبووە کە هیچ دەوڵەتێك لە گۆڕێدا نەبووە، لەهەر کاتێکدا، لەهەر شوێنێکدا کۆمەڵگا دابەشبووبێ بۆ چینی جۆربەجۆر، چەوساوەو چەوسێنەر هەبن دەوڵەتیش هەبووەو سەرو کەللەی پەیدا کردووە.

بۆیە لەسەرهەڵدانی یەکەم شێوەی چەوسانەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان‌و





پێشکەوتنانەی چینی کرێکار شتێکی دوور لەئیمکان بوو. هەر بەم بۆنەیەوە کەئەم دەسکەوتانە بەلای جەماوەرێکی زۆر لەخەڵك گرنگی‌یەکی وەها تایبەتی وەرگرتووە، هەروەها لەبەر ئەمەیە کە گۆڕانگاری‌یەکی تا ئەم ڕادەیە بناغەیی (ڕادیکاڵ) سەختو دژوار دێتە بەرچاوی خەڵك (مەبەست گۆڕان لەو بیچمە "ئازادیخوازانە"یەو ئەم ڕواڵەت‌و ناوەڕۆکەی ئەمڕۆی — و —) تەنیا فێڵبازان‌و کەللەووشك‌و بەناو زانایان‌و کەشیشەکان نین کە پشتی ئەم درۆیانەی سەرمایەدارەکان دەگرن کە گوایا دەوڵەتی سەرمایەداری دەوڵەتێکی "ئازادە"و تەنیا ئەرکی داکۆکی کردنی لەبەرژەوەندی گشتی لەسەرشانە ! ! بەڵکو بەشێکی زۆر لەخەڵکی ئاساییش کە لەتێپەڕبوونی کۆمەڵی کۆنی سەرمایەداری بۆ کۆمەڵگای سۆسیالیستی ناگەن ڕاستگۆیانە لایەنی دەمارگیری (تعصب) ڕابووردوو (مەبەست دەورانی هاوخەباتی لەگەڵ سەرمایەدارەکان بۆ لێدانی سیستمی ڕزیوی دەرەبەگایەتی‌یە — و —) دەگرن‌و پشتگیری دەوڵەتی ئێستا دەکەن. ئێمە دەبینین نە تەنیا ئەو کەسانە کە ڕاستەوخۆ بە سەرمایەداری‌یەوە گرێدراون یان لەژێر کۆتوبەندی سەرمایەداری‌دا دەژین، یان ئەو کەسانەی کە سەرمایەداری بەبەرتیل‌و پول کڕیونی[3*] بەڵکو ئەوانەش کە تەنیا لەژێر تەئسیری ئیدعای ئازادی بۆرژوازی‌دا ماونەتەوە لەسەرانسەری دنیادا خۆیان لە دژی بەلشەفیزم تەیارکردووە. ئەم دوژمنایەتی کردنەی بەلشەفیزم تا ئەم ڕادەیە هەر بەبۆنەی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو دامەزراندنی یەکەم کۆماری شوراکان بوو کە هات‌و ئیدعای سەرمایەداری بەدرۆخستەوەو بەئاشکرا ڕایگەیاند کە: ئێوە دەڵێن دەوڵەتەکەتان "ئازادی"و "سەربەستی" بۆ تێکڕای خەڵك هێناوە، بەڵام لەڕاستی‌دا ئەم دەوڵەتە ئەگەر کۆمارێکی "دیموکرات"یش بێت هیچ شتێك نییە جگە لەئامرازێکی دەستی سەرمایەدارەکان بۆ سەرکوتکردنی کرێکاران، هەرچەندە دەوڵەتەکەتان بەناو "سەربەست "تر بێت ئەم ڕاستی‌یە زیاترو باشتر

ناتوانێت ئاڵوگۆڕێك لەدەروونیدا پێكبهێنێت.

بوونی كۆماری دیموكراتیكو مافی دەنگدانی گشتی پێشكەوتنێكی زۆر گەورەن لەچاو سیستمی دەرەبەگایەتیدا چونكە ئەم هەلومەرجە نوێیە دەرگای ئیمكاناتی باش بۆ چینی پرۆلیتاریا دەكاتەوەو ئەو توانایەی پێدەبەخشێ هەتا ڕیزەكانی خۆی یەكگرتووترو قایمتر بكاتو ڕادەی هاوپەیوەندی چینایەتی خۆی بگەیەنێتە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ كە لەحاڵی خەباتو ململانێی شێلگیر لەدژی سەرمایەداریدایە. هیچ كات ئەم جۆرە مافانە، تەنانەت نیمچەیەكیش لەو مافانە بۆ ڕەعیەتەكان نەبوو، چ جای كۆیلەكان.

هەر بەو جۆرەی كە دەزانین كۆیلەكان ئاگری شۆڕشیان بڵێسەدار دەكردو ڕادەپەڕینو شەڕی ناوخۆییان بەرپادەكرد، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی زۆرینەیەك لەو هاوچینانە بەزانیاریو تێگەیشتوویی چینایەتی كۆببنەوەو بتوانن حزبێك بۆ بەڕێوەبردنی خەبات ڕێكبخەن. كۆیلەكان نەیاندەتوانی بەڕوونو پوختی لەئامانجەكانیان بگەن تەنانەت لەشۆڕشگێڕانەترین كاتو ساتەكانی مێژوودا دەبوونە داردەستێك بۆ چینە دەسەڵاتدارەكان. كۆماری سەرمایەداری، پارلەمانو مافی دەنگدانی گشتی تێكڕا لەڕوانگەی تەكاملی جیهانی كۆمەڵگاكانەوە هەنگاوێكی گەورەبوون بۆ پێشەوە. مرۆڤ بەرەو سەرمایەداری هەنگاوی هەڵگرتو تەنیا سەرمایەداری بوو كە بەئاوێتەكردنی فەرهەنگی شار توانی دەرگای خۆناسیو تێگەیشتوویی چینایەتی بۆ پرۆلیتاریای ژێردەستە بكاتەوەو بزووتنەوەی جیهانی چینی كرێكار بخولقێنێت. (لەبەر ئەمەشە كە دەڵێن سەرمایەداری خۆی گۆڕهەڵكەنی خۆی دروست دەكات — و —). لە سەرانسەری دنیادا بەملیۆن كرێكار لەحزبە سۆسیالیستەكاندا كۆبوونەتەوە كە تێگەیشتووانە كۆمەڵانی خەڵك (بەرەو نەهێشتنی سەرمایەداری) ڕێبەری دەكەن. بەبێ پارلمانتاریزم (دەسەڵاتی پارلەمانی)و بەبێ سیستمی هەڵبژاردن ئەم





دابەشبوونی كۆمەڵگا بۆ دوو چینی كۆیلەو كۆیلەدار، باوك سالاری یاخود فرەخزمی (لەو كاتەدا خەڵكی یەك تیرە كە خزمو نزیكی یەكتریبوون پێكەوە دەژیان) ووجودی هەبوو، ئەمڕۆكەش شوێنەواری زۆر جددیو حاشا هەڵنەگر لەجۆری ژیانی ئەو سەردەمە سەرەتاییە لەژیانی زۆرێك لەخەڵكی سەرەتایی ئەمڕۆكە ماونەتەوە. ئێوە هەر كتێبێك لەمەڕ كۆمەڵگا سەرەتاییەكان بخوێننەوە باسو خواسو نیشانەی زۆر ئاشكراو بەڵگە نەویستیان دەستدەكەوێ كە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە كە پێشتر زەمانێك هەبووە كە جۆرە كۆمۆنیزمێكی سەرەتایی كەمو زۆر بەڕێوەچووە. ئەویش ئەوكاتەی كە هێشتا كۆمەڵگا بەسەر دوو چینی (كۆیلەو كۆیلەدار) دابەش نەبووبوو، لەو سەروبەندەدا نە دەوڵەتێك لەگۆڕێدا بووە نە دامودەزگایەكی تایبەتی بۆ كاری سیستماتیكی زەبرو زەنگ نواندنو ڕكێفكردنی خەڵك، هەر ئەم دامو دەزگایەیە كەپێی دەڵێن دەوڵەت.

لەكۆمەڵگا سەرەتاییەكان، كاتێك ئینسانەكان بەشێوەی تاقمی بچووك لەناو خێڵو تیرەكاندا دەژیان، هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی پەرەسەندنابوون - لەهەلومەرجێكی وەكو سەردەمی وەحشیگەری، قسە لەدەورانێك دەكەم كە كۆمەڵگاو شارستانیەتی ئەمڕۆ، ئەمڕۆ بەهەزاران ساڵ لەو سەردەمە دووركەوتوونەتەوە، لەو دەورانەدا هێشتا هیچ ئاسەوارێكو هیچ نیشانەیەك لەبوونی دەوڵەت بەرچاو ناكەوێ. هەڵبەت جۆرێك بالادەستی دابو نەریتو ڕێزو متمانەو جۆرە دەسەڵاتێكی سەرۆكەكانی ناو خێڵ دەبینین، جارجارەش دەبینین كە ژنان لێرەولەوێ خاوەنی ئەم دەسەڵاتەن (ژنان لەو سەروبەندەدا وەكو ئێستا زۆر لێكراوو بێ ماف نەبوون ) بەڵام بەگشتی لەهیچ شوێنێكی ئەو سەردەمەدا نابینین تاقمێكی تایبەتی لەخەڵك خۆیان لەخەڵكی دیكە بەمەبەستی فەرمانڕەوایی كردن جیاكردبێتەوەو بەشێوەیەكی هەمیشەو بەردەوام دامودەزگایەكیان بۆ زۆرداریكردن پێكهێنابێت، هەر بەو جۆرەی كە ئەمڕۆكە بەرچاو دەكەوێ، تاقمی

چەکدارو زیندانو وەسائیلی دیکە بۆ بەستنەوەو یەخسیرکردنی ئیرادەی خەڵکی دیکە بەزۆرداری، نابینن. ئەم ئاکارو کردەوانە بەگشتی جەوهەرو ئەساسی دەوڵەت پێکدەهێنن.

ئەگەر خۆمان لەداوی ڕێبازە بەناو ئایینییەکان، شتی لاوەکی، باسی فەلسەفیو بیروڕای جۆربەجۆر کە لەلایەن لێکۆڵەرانی سەرمایەدارییەوە دەرخواردمان دەدرێ دەرباز بکەین، ئەگەر خۆمان لەم جۆرە داوانە ڕزگاربکەین، هەوڵبدەین ناوەڕۆكو جەوهەری ڕاستەقینەی باسەکان بەو جۆرەی کە هەیە بەدەستبهێنین، ئەوکات بەڕاستی دەبینین کە دەوڵەت دامو دەزگایەکە بۆ فەرمانڕەوایی کردن. کاتێ تاقمێك سەر هەڵدەدەنو کە کاریان هەر دەسەڵاتداری کردنە، بۆ ئەم دەسەڵاتداری کردنەش پێویستییان بە دەزگایەکی تایبەتییە بۆ زۆرداری کردنو ڕکێف کردنی ئیرادەی خەڵکی دیکە وەکو زیندان، کەسانی تایبەتی، سوپاو شتیتر هەیە، ئا لەم کاتەدایە کە دەوڵەت سەردەردێنێ.

بەڵام سەردەمێکیش هەبوو کە دەوڵەتێك لەگۆڕێ نەبوو، لەم کۆمەڵگایەدا هاوپەیوەندی گشتی ناوکۆمەڵو زەبتو ڕەبتی کار بەهێزی دابو نەریتو متمانەو یاخود ڕیزی مەزنەکانی خێڵ یاخود ژنان دابین دەکرا، (لەو کاتەدا ژنان نەك لەگەڵ پیاوان چوونیەکبوون بەڵکو لەزۆر شوێندا پلەیەك بەرزتریان لەپیاوانیش هەبوو). لەحاڵێکیشدا تاقمێکی تایبەتی پسپۆڕ لەدەسەڵاتداری کردن وجوودی نەبووە.

مێژوو ئەوە دەردەخات کە دەوڵەت وەك ئامرازێك بۆ زۆرلێکردنو زۆرداریکردن بەسەرخەڵکەوە، کاتێك سەریهەڵدا کە کۆمەڵگا بەسەر چینی جۆربەجۆردا دابەش بوو،واتە ئەو کاتەی تاقمێك لەخەڵك بەکاری کەسانێکی تر دەژیان دەیان چەوسانەوە.

دەبێ هەمیشە ئەم ئەسڵی دابەشبوونەی کۆمەڵگا بۆ چینی جۆربەجۆرمان وەك





بدەینەوە، دەبێت تێکڕای ئەم تیۆریو بیروبۆچوونانە لەڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە بدەینەوە بەر سەنگو تەرازوو.

پێشتر پێم ڕاگەیاندن کە بۆچاکتر تێگەیشتن لەمەسەلەی دەوڵەت یارمەتی لە کتێبی (بنچینەی خێزانو خاوەندارێتی تایبەتیو دەوڵەت) لەنوسینی ئەنگلس وەربگرن. ئەم کتێبە بەڕاشکاوی ئەو ڕاستییە دەردەخاتو دەڵێ: هەر دەوڵەتێك کە زەویو ئامرازی بەرهەمهێنان بخاتە ژێر خاوەندارێتی تایبەتییەوەو سەرمایە باڵادەستی هەبێ، هەرچەند دیموکراتیش بێت دەوڵەتێکی سەرمایەدارییەو دامودەزگایەکە بۆ سەرکوتکردنو داپڵۆساندنی چینی کرێکارو جووتیارانی دەستەنگ، مافی دەنگدانی گشتیو ئەنجومەنی دامەزرێنەرانو پەرلەمان تەنیا بەڵێنێکی سەر کاغەزن کە شوێنێك لەسەر ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی کارو بارەکان دانانێ.

شێوەکانی دەست بەسەراگرتنی دەوڵەت لەوانەیە جۆربەجۆر بێت، خۆسەپاندنی سەرمایە بۆ دەسەڵاتداری کردن شێوەی جۆربەجۆری هەیە، بەڵام لەئەساسدا لەهەر هەموویاندا سەرمایە خاوەنی دەسەڵاتە، جا ئەگەر مافی دەنگدانو مافەکانی دیکە هەبن، ئەگەر کۆماری دیموکراتیش بێت هیچ گۆڕانێك لەناوەڕۆکی مەسەلەکە دروست ناکات.

لەڕاستیدا کۆمار هەرچی دیموکراتێك تر بێت دەسەڵاتی سەرمایەداری توندوتیژترو سەخت گیرانەترەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکێکە لە هەرە دیموکراتترین وڵاتانی جیهان، بەڵام سەرەڕای ئەمەش لەهیچ کوێی دنیادا (ئەوانەی کە پاش ساڵەکانی 1905ەوە سەریان لەئەمریکا داوە باش دەزانن) دەسەڵاتی سەرمایە، کە دەسەڵاتی ژمارەیەك ملیۆنەرە وەکو ئەوەی کە بەسەر کۆمەڵگادا، نەسەپاوە. بە گشتی لەهەر شوێنێکدا سەرمایە هەبێت، خۆی بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێتو هەر چەشنە ڕەنگو ڕووی دیموکراتیكو مافی دەنگدان

ئەگەر مەنشەفیو (سۆسیاڵ شۆڕشگێڕەکان)ی خۆشمان لەڕووی ساویلکەیی (ڕەنگە ساویلکەییش نەبێ، یان جۆرێك لەساویلکەیی بێت، کە وەکو دەڵێن هەزار جار لە نیەت خراپی خراپترە) پێیان وابێت خۆیان دەرهێنەری ئەم ئیدعا درۆییانەن بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە لەهەڵەدان، چونکە ئەمڕۆکە یەکە یەکەی ڕۆژنامە دەوڵەمەندەکانی دنیا لەدەوڵەمەندترین وولاتەکاندا کە دەیان ملیۆن دۆلار بۆ بڵاوکردنەوەو دابەشکردنی ڕۆژنامەکانیان خەرج دەکەن، درۆکانی سەرمایەدارەکانو سیاسەتی ئیمپریالیستەکان لەدەیان ملیۆن ژمارەدا بڵاودەکەنەوە. هەر ڕۆژ ئەم باسە منالانەو ئەم درۆیانە دژی بەلشەفیزم دووپات دەکەنەوەو کە گوایا ئەمریکاو ئینگلیزو سویسرا وولاتانێکی پێشکەوتوونو دەوڵەتەکانیان هەڵبژاردەی ئیرادەی خەڵکن، لەحاڵێکدا کۆماری بەلشەڤ دەوڵەتی چەتەکانەو ئازادییان مراندووەو بەگشتی بەلشەفییەکان بەرپەرچی بیروڕای دەوڵەتی خەڵك دەدەنەوەو کاریان گەیاندۆتە ئەو جێگایەی کە ئەنجومەنی دامەزرێنەریان (الجمعیة التأسیسیة)یان هەڵوەشاندۆتەوە. ئەم تاوانە ترسناکانە لەدژی بەلشەفییەکان لەسەرتاسەری دنیادا بڵاودەکرێتەوە. هەر ئەم تاوانە درۆییانەن کە ڕاستەوخۆ دەمانگەڕێنێتەوە سەر ئەسڵی مەسەلەی دەوڵەت کە ئایا دەوڵەت چییە؟ بۆ ئەوەی لەناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەم ئایدیایانە بگەین، بۆ ئەوەی بەهەڵسوکەوتێك وورییانەو تێگەیشتووانە لێکیان بدەینەوە، نابێ بناغەی ناسینی خۆمان لەسەر بنەڕەتی چاووڕاو(شایعە) دامەزرێنین. بەڵکو دەبێت بیروڕایەکی قایمو شیلیگیرو بۆچوونێکی ئاشکراو دروستمان لەسەر دەوڵەت هەبێت. ئێمە سیستمی سەرمایەداری بەڕەنگو ڕوخساری جۆربەجۆر دەبینینو لەگەڵ هەموو ئەو تیۆرییە ڕەنگاوڕەنگانە بەرەوڕووین کە بۆ داکۆکی کردن لەو دەوڵەتانە بەر لەشەڕی یەکەمی جیهانییەوە هەڵبەستراون.

بۆ ئەوەی بتوانین وەڵامێکی ووردو ئاشکرا بەپرسیاری دەوڵەت چییە





بنەڕەتیترین ئەسڵی مێژوو لەبیربێت.

مێژووی پەرەسەندنو سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەدرێژایی هەزاران ساڵ لەهەموو وولاتان بەبێ‌هەڵاواردن بەشێوەیەکی حاشا هەڵنەگرو بەبڕشت یاسایەکی گشتیمان بۆدەردەخات کە هەم نەزمی تێدایەو هەم ڕەوتێکی بەردەوامیشی هەیە. کەوابوو کۆمەڵگاکان لەسەرەتادا بێ‌چین بوون، هەمان کۆمەڵگا سەرەتاییو باوك سالارییەکان، کە تیایدا خەبەرێك لە ئەشرافو دەوڵەمەندەکان نەبوو، پاشان کۆمەڵگایەك جێگای گرتەوە کە بناغەکەی لەسەر کۆیلایەتی دامەزرابوو، واتە کۆمەڵگای کۆیلەداری ، سەرجەم ئەورووپای پێشکەوتوو نوێی ئەمڕۆ ئەم قۆناغەیان بڕیوە، زۆربەی هەرەزۆری ئینسانەکانی شوێنەکانی تری دنیا ئەم قۆناغەیان تێپەڕکردووە. دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش نیزامی کۆیلەتی بەهەموو هێزی خۆیەوە دەسەڵاتداری بوود. هێشتاش لەنێوان ئەو ئینسانەی کە کەمتر پێشکەوتوون شوێنەواری ئەم نیزامە بەرچاو دەکەوێ، بۆ نمونە دەتوانن جۆرێك کۆیلەتی لەئەفریقا ببینن. دابەشبوونی کۆمەڵگا بە کۆیلەو خاوەن کۆیلە یەکەم دابەشبوونی گرنگی چینایەتییە. خاوەن کۆیلە نەتەنیا خاوەنی گشت کەرەستەکانی بەرهەمهێنابوو لە زەوییەوە بگرەتا ئامرازەکانیتر ، ـــ بەڵکو خاوەنی مرۆڤیش بوو (هەرچەند کەرەسەکانی بەرهەمهێنان لەو سەردەمەدا زۆر ساکارو سەرەتایی بوون). بەم تاقمە دەووترێ کۆیلەدار، لە حاڵێکدا چینێکی دیکەش هەبوو کە کاریان دەکردو بەری ڕەنجو کاریان دەچووە گیرفانی کەسانی دیکەوەو وەکو کۆیلەش دەناسران.

پاش شێوەی بەرهەمهێنانی کۆیلەداری قۆناغێکی مێژوویی دیکە بەناوی دەرەبەگایەتی دەستی پێکرد، لەزۆربەی نزیك بەتێکڕای هەموو وولاتانی کۆیلەداری ـــ لەقۆناغی پەرەسەندنی خۆیاندا، پێیان نایە ناو قۆناغی کۆیلەی زەوییەوە (کەهەمان قۆناغی دەرەبەگایەتییە). کۆمەڵگا بەم سیما تازەوە

لەئەساسدا بەسەر دوو چیندا خاوەن موڵکەکانو جووتیاران (سێرف یان ڕەعیەت) دابەش بوو. ئاشکرایە کە شێوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئینسانەکانیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات.

ئەوسا کۆیلەدارەکان کۆیلەیان بەبەشێك لەموڵکی خۆیان دەزانی، یاساش ئەمەی پەسەند دەکردوو کۆیلەی بە بە شێك لەموڵکەکانی خاوەن کۆیلە دەزانی بەچاوی مالاتی کۆیلەدار دەیانڕوانییە کۆیلەکان، تا ئەو جێگایەی پەیوەندی کۆیلەی زەوی یان رەعیەتەوە هەبوو، زۆرداری چینایەتیو گرێدراویی (وابەستەگی) بەچینی باڵادەستەوە ــ بەشێوەی دیکە ــ لەجێگای خۆی مایەوە، بەڵام لەم سیستمە نوێیەدا بەو جۆرەی پێشووتر نەدەووترا ڕەعیەتەکان مالاتنو دەرەبەگ خاوەنیانە. بەڵکو یاسا تەنیا ئەو حەقەی پێدابوون کە بەری ڕەنجو زەحمەتیان بقۆزنەوەو داوای خزمەتگوزاری تایبەتو زۆرە ملێ وەك بێگاریان لێبکەن. بەڵام خۆشتان دەزانن کەبەکردەوە سیستمی دەرەبەگایەتی بە تایبەت لەڕووسیا کە پتر لەهەر شوێنێکی دیکە ماوەیەکی زۆرتری خایاند، توندوتیژترین ڕەفتاری خراپی هەبوو. لەم ڕووەوە شتێکی ئەوتۆی لەکۆیلەداری زیاتر نەبوو.

پاشان شانبەشانی پەرەسەندنی بازرگانیو سەرهەڵدانی بازاڕی جیهانیو گەشەسەندن و ووەگەڕکەوتنی پول، چینێکی تازە لەناخی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا بەناوی سەرمایەداری سەریدەرهێنا. لەکاڵاو ئاڵوگۆڕی کارو لەبەرزبوونەوەی دەسەڵاتی پولو دەسەڵاتی سەرمایە سەرچاوەیگرت. بەدرێژایی سەدەی 18 وە یان چاکتر بڵێم لەکۆتایی سەدەی 18و بەدرێژایی هەموو ساڵەکانی سەدەی 19 ئاگری شۆڕشێکی زۆر لە دنیادا بڵێسەی سەند، سیستمی دەرەبەگایەتی لەهەموو ووڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا لەگرێژنە دەرچوو، ڕوسیا دوایین ووڵاتێك بوو کە کۆتایی بە سیستمی دەرەبەگایەتی هێنا، لەساڵی 1861 گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەڕوسیادا پێکهاتو لەئاکامدا شێوەیەکی نوێ جێگای





دەوڵەتێك داڕێژین کە تاقمێك تاقمێکی دیکە سەرکوت دەکات. ئەمەش لەکاتێکدایە کە خۆیان بەدەوڵەتێکی دیموکراتیكو خەڵك پەسەند واتە خەڵکی دەناسێنن. ئێستا کە شۆڕشی جیهانی دەستیپێکردووەو لەهەندێك ووڵاتدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوەو خەبات دژی سەرمایەداری جیهانی بەشێوەیەکی توندوتیژو یەکجاری درێژەی هەیە، مەسەلەی دەوڵەت گرنگییەکی زۆر پەیدادەکاتو دەتوانین بڵێین بۆتە یەکێك لەگرنگترین مەسەلەکانو تەوەرەی(میحوەر)ی سەرەکی هەر باس جەدەلێکی سیاسی ڕۆژ.

ئەگەر ئاوڕێك لەبۆچوونو بیروڕای حزبە سیاسییەکانی ڕوسیا، یاخود هەر ووڵاتێکی پێشکەوتووتر بدەینەوە بەڕاشکاوی دەبینین کە سەرچاوەی هەموو جەدەلو ناکۆکی بیروڕا سیاسییەکان زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ جەوهەرو ناوەڕۆکی دەوڵەت. هەمیشە ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە داخوا دەوڵەت لە ووڵاتێکی سەرمایەداری یاخود کۆمارێکی دیموکراتیك، بەتایبەت لەووڵاتێکی وەك سویسرا یان ئەمریکا کە گوایا سەربەسترین کۆماری دیموکراتین، ئیرادەی جەماوەری بەرینی خەڵکی دەردەبڕێت؟! یان بەواتایەکی دیکە دەوڵەت سەرجەم بڕیارەکانی خەڵك بە کردەوە دەردەهێنێ؟!! یان دەوڵەت نوێنەری ویستە نیشتمانییەکانی تێکڕای خەڵكو لەم جۆرە شتانەیە؟ یان ئەوەی کە دەوڵەت لەم ووڵاتانەش هەمان داموودەزگاکانو دەستی سەرمایەدارەکان بۆ ڕکێفکردنی چینی کرێکارانو جووتیاران ئاوەڵە دەکات؟، ئەم مەسەلە بنەڕەتییە بۆتە ناوەندی جەدەل مشتومڕێکی سیاسی لەجیهاندا.

سەرمایەدارەکان دەربارەی بەلشەفیزم دەڵێن چی؟ ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی سەرمایەداری پلاری جنێو دەگرنە بەلشەفییەکان. ئێوە تەنانەت ڕۆژنامەیەکی سەرمایەداری نابینن کە ئەم ئیدیعا درۆیینو هیچو پووچانە دووپات نەکاتەوە کە گوایا بەلشەفییەکان حکومەتی خەڵکیان ناوێتو سەربەتی خەڵك پێشێل دەکەن.

مووچەی وەرنەگیراو، کڕیبوویانو دەیانخستە ژێر خاوەندێتی ڕاستەقینەی خۆیان. چونکە ئەم دەوڵەتە پشتگیری سەروەتو سامانی دەکرد بەبێ لەبەرچاوگرتنی سەرچاوەو چۆنێتی بەدەستهێنانی، چونکە قەرارەکەی لەسەر ئەساسی خاوەندارێتی تایبەتی داڕێژرابوو، جووتیارەکان لەتێکڕای دەوڵەتە پێشکەوتوو نوێکاندا بوونە خاوەنی زەویوزاری خۆیان، تەنانەت کاتێ دەرەبەگەکان بەشێك لە زەویوزارەکانی خۆیان دەدا بەجووتیارەکان، دەوڵەت پشتگیری لەخاوەندیەتی تایبەتی دەکردو پولو پارەیەکیشی لەجیاتی ئەم زەویو زارانە دەدا بەئاغاکانو تۆڵەی زەرەرو زیانی بۆ دەکردنەوە.

بەمجۆرە دەوڵەت ڕایدەگەیاند کە پشتگیری لەخاوەندێتی تایبەتی دەکات. دەوڵەت مافی خاوەندارێتی هەر تاجرو بازرگانێك، هەر کارخانەدارو خاوەن سەنعەتێکی بەڕەسمی دەناسی، ئەم کۆمەڵگایە کە بناغەکەی لەسەر مڵکایەتی تایبەتیو دەسەڵاتی سەرمایەو ڕکێفکردنی کرێکارانی هەژارو جوتیارانی بێبەش دامەزرابوو، ئیدعای دەکرد کە دەوڵەتەکەی لەسەر بناغەی "ئازادی" ڕاوەستاوە. لە هەمان کاتدا کە ململانێی دەوڵەتی دەرەبەگایەتی دەکرد دانی بەئازادی مڵکایەتیدا دەناو شانازیشی پێوەدەکردو وایدەنواند کە دەوڵەتی چینایەتی تەفروتوونا بووە.

دەوڵەت سەرەڕای ئەم ئیدیعایانە، بە وێنەی دامو دەزگایەك بۆ لەکۆتو زنجیرکردنی جووتیارانی هەژارو کرێکاران لەجێی خۆیدا مایەوەو پشتی سەرمایەدارەکانی دەگرت. بەڵام بەڕواڵەت قەوارەیەکی "ئازاد"ی هەبوو. مافی دەنگدانی لەهەڵبژاردندا بۆهەموو کەس دابینکرد، لەزاری قارەمانەکانو ووتاربێژو فەیلەسوفو لێکۆڵەرەکانیەوە ڕایدەگەیاند کە ئەم کۆمەڵگایە بێچینە. تەنانەت ئێستاش کە یەکێتی شوراکان لەدژی دەوڵەتی سەرمایەداری ڕاپەڕیوە، بەوە تاوانبارمان دەکەن کە گوایا سەربەستیمان پێشێلکردووەو دەمانەوێ بناغەی





شێوەی کۆنی گرتەوە. بەواتایەکی تر دەرەبەگایەتی جێگای بۆ سەرمایەداری چۆڵکرد. لەم سیستەمە نوێیەدا دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگاو مانەوەی شوێنەوارو پاشماوە جۆربەجۆرەکانی دەرەبەگایەتی پارێزران، بەڵام لەئەساسدا دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگا شێوەیەکی نوێی بەخۆوەگرت.

سەرمایەدارو خاوەن زەویوزارو کارخانەکان لەسەرجەم وولاتانی سەرمایەداریدا هێشتا کەمینەیەکی کۆمەڵگا پێکدەهێنن. ئەم کەمینەیە بەتەواوی دەسەڵاتیان بەسەر کاری خەڵکی دیکەو لەئەنجامدا جەماوەری کرێکاراندا هەیەو لەژێر زەبری زۆرداریدا ڕایانگرتوونو دەیانچەوسێننەوە. زۆرینەی کۆمەڵ بریتین لەپرۆلیتاریاو کرێکارانی کرێگرتە کە بۆ گوزەرانی خۆیان لەڕەوتی بەرهەمهێناندا تەنیا دەتوانن پشت بەفرۆشتنی هێز کارو توانای لەشو دەستی خۆیان ببەستن. پاش تێپەڕبوون بۆ نیزامی سەرمایەداری ئەو رەعیەتانەی کە لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا پرشوبڵاوو دەمکوت کرابوون بەگشتی بوونە دوو بەشو زۆربەیان چوونە ڕیزی پرۆلیتاریاو کەمینەیەکیشیان بوون بەجووتیاری دەوڵەمەندو خۆیان کرێکاریان بەکرێدەگرتو بوون بە سەرمایەدار لە دێهاتەکاندا.

دەبێ بۆ هەمیشە ئەو ڕاستییە ئەساسییە؛ واتە تێپەڕبوونی کۆمەڵگا لەشێوەکانی سەرەتاییەوە بۆ کۆیلەداریو دەرەبەگایەتیو پاشان بۆ سەرماریەداریتان لەبیربێت، چونکە فەرامۆشنەکردنی ئەو ڕاستییە گرنگەو شیکردنەوەی هەموو بیروڕاکان لەم چوارچێوە بنەڕەتییەدایە کە دەتوانین بەباشی جۆری بیروڕاکان هەڵبسەنگێنینو لەکاکڵەو ناوەڕۆکی ڕاستەقینەیان بگەین، چونکە هەر کام لەم سەردەمە گەورانە واتە کۆیلەداری، دەرەبەگایەتیو سەرمایەداری لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەیان سەدان تەمەنیان هەیەو لەم دەورانە دوورو درێژەدا لەگەڵ زۆرێك شێوەی جۆربەجۆری سیاسیو بیروڕاییدا شتی دیکە بەرەوڕوودەبنەوە، جۆری بیروڕا سیاسییەکانو بیروباوەڕی لەمەڕ شۆڕشو

ئالوگۆڕی قووڵی کۆمەڵایەتی بەڕایەدەکی زۆر لێکجووداو ڕەنگاوڕەنگن. ئالەم وەزعەدا بەم هەموو جۆرە بیروڕاو بۆچوونە جیاوازانەوە(بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ بیروڕا سیاسیو فەلسەفیەکانی لێکۆڵەرو سیاسەتمەدارەکانی سەرمایەداری) تەنیا بەقایم بەدەستەوەگرتنی ئەم کلیلە ڕێنوێنە دەتوانین هەموو مەسەلە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، ئایینی، مەعنەوییەکانو.... تاد لێکبدەینەوەو شییانبکەینەوە، ئەم کلیلە ڕێنوێنە هیچ شتێك نییە جگە لەوەی کە بزانن کۆمەڵگا بەو جۆرەی باسمانکرد چینایەتییەو هەر بەو جۆرەش ئالوگۆڕ لەشێوەکانی دەسەلاتداری چینی بالادەست پێکدێتو چینێکی نوێ سەردەردێنێ.

ئەگەر لەم ڕوانگە ئەساسییەوە بڕواننە مەسەلەی دەوڵەت دەبینین کە بەر لەدابەشبوونی کۆمەڵ بەسەر چینی جۆر بەجۆردا، هەر بەو شێوەیەی کە باسمان کرد، دەوڵەتێك لەگۆڕێدابوو، بەلام پاش ئەوەی کۆمەڵگا بەسەر چینی جۆربەجۆردا دابەشکراو کۆمەڵگای چینایەتی پێی گرت، دەوڵەتیش سەری‌هەڵداو ڕەگو بنجی خۆی بلاوکردەوە. مێژووی مرۆڤایەتی شاهیدی ئەو ڕاستییەیە کە سەدان وولات قۆناغی کۆیلەداریو دەرەبەگایەتیو سەرمایەدارییان بڕیوە، یاخود لەحاڵی تێپەڕبووکردنی ئەم قۆناغەدان. لەهەر کام لەم وولاتانە سەرەڕای هەموو ئالوگۆڕێکی گەورەی مێژوویی کە ڕوویانداوە، سەرەڕای هەموو گۆڕانگارییەکی سیاسیو شۆڕشی یەك بەدوایەکدا کە هەڵقولاوی گەشەسەندنی مرۆڤایەتییە بۆ تێپەڕبوون لەکۆیلەداریو دەرەبەگایەتیو سەرمایەداری، سەرەڕای خەباتی جیهانی ئێستا دژی سەرمایەداری هەمیشە سەرهەڵدانو بوونی دەوڵەت بەچاوی خۆتان دەبینن، دەوڵەت هەمیشە دەزگایەك بووە لە کۆمەڵێك کەس پێکهاتووە کە کاریان فەرمانڕەوایی کردنە.

خەڵك بەسەر حاکمو حوکمکراودا دابەش دەکرێن، حاکمان لەسەرەوەی کۆمەڵ ڕاوەستاون خۆیان بە نوێنەری دەوڵەت دەزانن. ئەم داموودەزگایە واتە دەوڵەت،





لێکۆڵینەوەکانتان لەمەڕ بەرنامەی حزب جارێکی دیکە دەچینەوە سەر ئەم باسەو ئەوکات نیزامی کۆمەڵگای سەرمایەداریتان بۆ ڕووندەبێتەوە. ئەو کۆمەڵگایەی کە لەسەرەوە باسم کرد واتە کۆمەڵگای سەرمایەداری بەهەڵگرتنی دروشمی "ئازادی" هاتە مەیدانی ململانێ لەگەڵ سیستمی دەرەبەگایەتیو بەردەوام پێشڕەوی دەکرد. ئەم ئازادییەش تەنیا خاوەن زەویوزارو دەوڵەمەندەکانی دەگرتەوە. لەئەنجامدا سیستمی دەرەبەگایەتی لەکۆتایی سەدەی 18و سەرەتای سەدەی 19دا لێك ترازاو دەوڵەتی سەرمایەداری جێگای دەوڵەتی دەرەبەگایەتی گرتەوە، (لێکترازانی دەرەبەگایەتی لەڕوسیا لەچاو وولاتانی تردا دواکەوتو ساڵی 1861 دەستیپێکرد). ئەم دەوڵەتە نوێیە کە دروشمەکەی بریتیبوو لەسەربەستی بۆ هەموو کەس!! وایدەنواند کە گوایا لەسەر وویستی تێکڕای خەڵك دامەزراوەو حاشای لەناوەڕۆکە چینایەتییەکەی دەکرد.

لێرەدا بوو کە ململانێیەکی توندوتۆڵ لەنێوان سۆسیالیستەکان کە بۆ ڕزگاری سەرجەم مرۆڤایەتی خەبات دەکەن، لەگەڵ دەوڵەتی سەرمایەداری دەستی پێکرد، خەباتێك کە بووە هۆی سەرهەڵدانی دەسەلاتداری یەکێتی شوراکانو ئەم خەباتە لەسەرتاسەری جیهاندا درێژەی هەیە.

بۆ تێگەیشتن لەم خەباتەی ئێستا لەدژی سەرمایەداری جیهانی دەستیپێکردووە، بۆ تێگەیشتن لەناوەڕۆکی ڕاستەقینەی دەوڵەتی سەرمایەداری دەبێ لە بیرمان بێت کە کاتێك سەرمایەداری لەگەڵ دەرەبەگەکان کەوتە ناکۆکیو پێشڕەوی دەکرد، دروشمی "ئازادی" هەڵگرتبوو. تێکڕوخانی دەرەبەگایەتی بەمانای ئازادی بۆ نوێنەرانی دەوڵەتی سەرمایەداریو خزمەتکردن بە ئامانجەکانی دەوڵەتی سەرمایەداریبوو. ئەم دەوڵەتە نوێیە هیچ لەوە نیگەران نەبوو کە جووتیارەکان تێك ڕووخانی سیستمی دەرەبەگایەتی دەرفەتی دەستبەسەراگرتنی ئەو زەوییانەیان بۆهەڵدەکەوێ کە لەجیاتی دەستخۆشانە (پاداشت) یاخود

هەروەها ئەم تاقمە دەسەڵاتدارو باڵادەستە هەمیشە شێوازێك تایبەتییان بۆ سەركوتكردنو داپڵۆسین هەیە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە ئەم داپڵۆساندنو سەركوتكردنە بەتێڵاو گۆپاڵ ئەنجامدرابێ یان بە نوێترین چەكو چۆڵی سەردەمی كۆیلایەتی، یاخود چەكو تەقەمەنی سەدەكانی ناوەڕاست، یان چەكی مودێرنو پێشكەوتووی سەدەی بیست كە بەپێی دەسكەوتەكانی تەكنەلۆژیای نوێ دروستكراوە، لەڕواڵەتو چۆنێتی بەكارهێناندا جیاوازییان هەیەو بەڵام لەئەساسدا یەك مەبەست دەپێكن. ئەوە ڕاستە كە شێوازی توندوتیژیو بۆچوونەكان گۆڕانیان بەسەرداهات، بەڵام لەهەر زەمانو لەهەر كۆمەڵگایەكدا كە دەزگایەكی دەوڵەت لەگۆڕێدا هەبووبێ، تاقمێكیش هەبوون كە دەسەڵاتدارییان كردووەو چینێكی باڵادەستبوونو بۆ پاراستنی ئەم دەسەڵاتەیان دامودەزگایەكیان بۆسەركوت كردنو خۆسەپاندن بەپێی هەلومەرجو پێداویستییەكانی زەمانی خۆیان پێكەوەناوە. تەنیا بەشیكردنەوەی ئەم دیاردە گشتییانەو تەنیا بەهێنانەوە پێشی ئەم پرسیارە كە داخوا دەوڵەت لەدایكبووی كۆمەڵگای چینایەتییە؟ یان بۆچی هەتا زەمانێك چەوسێنەرو چەوساوە لەگۆڕێدا نەبێ دەوڵەتیش نییە؟ بۆچی بەدوای سەرهەڵدانی چینەكان ئەویش واتە دەوڵەت سەر دەردێنێ؟ تەنیا لەم ڕێگایەوەیە كە دەتوانین وەڵامێكی بەبڕشت بۆ ئەم پرسیارە بدۆزینەوە كە جەوهەرو گرنگی دەوڵەت لەچیدایە.

دەوڵەت دامو دەزگایەكە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی چینێك بەسەر چینێكی دیكەدا، لەسەردەمێكدا، كە چینەكان هێشتا سەریان هەڵنەدابوو، لەو كاتەدا واتە پێش كۆیلەداری ئەم تاقمە تایبەتییەی كە كاریان هەر دەسەڵاتداریو ڕكێفكردنی زۆربەی خەڵكی دیكەی كۆمەڵگا هێشتا سەری هەڵنەدابوو، لەڕاستیدا نەیدەتوانی وجوودی هەبێ ، چونكە لەو سەردەمەدا خەڵك لەهەلومەرجێكی زۆر سەرەتاییدا دەژیان. بەیەكسانییەكی كاریان دەكردو ڕادەی بەرهەم لەنزمترین پلەی





نوێنەرە هەڵبژێردراوەكانی خاوەن زەویوزارەكان بەڕەسمی دەناسرا، كۆمەڵگای دەرەبەگایەتی نیشاندەری دابەشبوونێكی چینایەتی بوو بەجۆرێك كە زۆربەی هەرە زۆری خەڵك واتە جووتیاران بەتەواوی دەكەوتنە ژێر ڕكێفی كەمینەیەك واتە خاوەن زەویو زارەكان.

لەئەنجامی هەڵدانی بازرگانیو گەشەی ئاڵوگۆڕكردنی كاڵا، چینێكی نوێ واتە سەرمایەداری سەریهەڵدا. لەكۆتایی سەدەكانی ناوەڕاست، لەئەنجامی ئەم پرۆسەیە واتە: دۆزینەوەی ئەمریكا كە بۆ خۆی بووە هۆی گەشەی بازرگانی ـــ پتربوونی كانزا گرانبەهاكان، ئاڵوگۆڕكردنی زێڕو زیوو كاڵا، هەروەها ئەوكاتەی كە دەرفەتی دەوڵەمەندبوونی لەڕادەبەدەری تاقمێك ڕەخسا، سەرمایەش سەریهەڵداو قەوارەی گرت. زێڕو زیو وەك سەروەتو سامان لەهەموو جیهاندا ناسران. بەرەبەرە هێزی ئابووری خاوەن زەویوزارەكان هاتە كزیو توانای ئابوری چینی نوێ واتە نوێنەرانی سەرمایە پتر هەڵدەكشا.

چوارچێوەی ئەم كۆمەڵگە نوێیەی كە سەریهەڵدا، وای نیشاندەدا دابەشبوونی كۆنی كۆیلەو كۆیلەدار لە ناوچووەو هەموو هاوولاتیان وەك یەكنو تێكڕای خەڵك بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕادەی سەرمایەكەیان لەبەرامبەر یاسادا یەكسانن، جا با ئەم كەسانە خاوەن زەویوزاربن یان فەقیرو هەژارێك كە جگە لە هێزی كارەكەیان هیچ شتێكی دیكەیان نییە، تێكڕایان لەبەرامبەر یاسادا وەك یەكنو یاسا بەیەك چەشن پشتگیری لە هەموو كەس دەكات!! بەڵام لەڕاستیدا لەسەروەتو سامانی دەوڵەمەندەكانو مڵكایەتی ئەوان لەبەرامبەر جەماوەری كۆمەڵ كە جگە لەهێزی كار خاوەنی هیچ شتێكی دیكەنینو بەرەبەرە بەرەو هەژاریو تێداچوون دەكێشرێنو دەچنە ڕیزی پرۆلیتاریا؛ پشتگیری دەكات، بەڵێ ئەمەیە ڕواڵەتی ڕاستەقینەی كۆمەڵگای سەرمایەداری.

لێرەدا ناتوانم بەقووڵی بچمە ناوناخی ئەم مەسەلەیەوە، ئێوە لەكاتی باسو

خۆیدابوو، لەو سەردەمەدا زیادە بەرهەم نەبوو، خەڵك بەسەختی دەیانتوانی پێداویستییەکانی ژیانێکی ساکار دابین بکەن، سیمای دەوڵەت تەنیا پاش یەکەم شێوەی دابەشبوونی کۆمەڵ بۆچینی لێکجیاواز، واتە بەشوێن سەرهەڵدانی کۆیلەو کۆیلەدار پەیدابوو. ئەمەش لەخۆڕا نەبوو، هۆی زانستی خۆی هەیەو ئەویش ئەمەیە: لەو سەردەمانەدا بەهۆی کەڵکوەرگتن لەئامرازی نوێترو خۆ خەریکردن بەکاری کشتوکاڵی(ئەویش بە شێوەیەکی زۆر ساکار) بڕێك زیادە بەرهەم هاتە دەست، ئەم زیادە بەرهەمەش بۆ نزمترین جۆری ژیان کە بەسەر کۆیلەکاندا سەپابوو پێویست نەبوو. ئەم زیادە بەرهەمە کەوتە دەست کۆیلەدارەکان. بەم جۆرە بوونی ئەم چینە نوێیە واتە کۆیلەدار بەسەر کۆمەڵگا بوو بەواقیع. لەم سەردەمەوە بەمەبەستی چەسپاندنی ڕەگو ڕیشەکانی ئەم چینە نوێیە پێویستی سەرهەڵدانی دامودەزگاکانی دەوڵەت هاتە گۆڕێ.

هەر بەم جۆرەشی لێهاتو دەوڵەت سەری دەرهێنا، دەوڵەتی کۆیلەداری دامو دەزگایەك بوو کە هێزو دەسەڵاتی دەدا بە خاوەن کۆیلەکان، هەتا بەسەر کۆیلەکاندا دەسەڵاتداری بکەن. دەوڵەتو کۆمەڵ بەجووتە لەو سەردەمەدا لەچاو ئێستادا زۆر گچکەتربوون. هۆکانی پەیوەندییان تەنانەت بۆ هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئێستادا ناشێ، هێشتا ئەم هۆ پەیوەندییە نوێیانەی ئەمڕۆیی نەدۆزرابوونەوە، کێوو چەمو ڕووبارەکان کۆسپو لەمپەرێکی لەڕادەبەدەر گەورەبوون. دەوڵەت لەناو سنوری جوگرافیایەکی زۆر بەرتەسکتردا دامەزراو قەوارەی گرت. دامودەزگای دەوڵەت بەشێوەیەکی سەرەتاییو تەنگەبەر (محدود) هەستا بەبەڕێوەبردنی وولاتێك کەسنوورە جوگرافییەکی ئەنگەبەربوو، دەوڵەت بەگشتی هەرچیچۆنێك بێت دامودەزگایەك بوو بۆ ناچارکردنی کۆیلەکان تا بەکۆیلەیی بمێننەوە، دەزگایەك بوو کە دەیتوانی زۆرینەی کۆمەڵ لە ژێر ڕکێفی زۆرداری تاقمێکی دیکەدا بهێڵێتەوە. شتێکی لەئیمکان نەهاتووە ئەگەر پێمان وابێت بەبێ





بەرچاو بەتەواوی لەسەر سیستمی کۆیلەداری دامەزرابوو، بەدرێژاییساڵانێکی زۆر لەئەنجامی ڕاپەڕینی بەربڵاوی کۆیلەکان کە لەژێر ڕابەرایەتی سپارتاکۆسدا لەشکرێکی چەکداری یەکگرتوویان پێکهێنابوو، تووشی لێدانو زەبری جەرگبڕهات، بەڵام سەرەنجام کۆیلەکان تێکشکانو لەلایەن کۆیلەدارەکانەوە دەستگیرکرانو کەوتنە بەرتیغی ئازارو ئەشکەنجە. ئەم جۆرە شەڕە ناوخۆییانە سەرتاپای مێژووی کۆمەڵگا چینایەتییەکانی پڕکردۆتەوە. ئەو نمونەیەی کە باسم کرد یەکێك لەگەورەترین شەڕە ناوخۆییەکانی سەردەمی کۆیلەدارییە. سەردەمی دەرەبەگایەتیش هەر بەم جۆرە پڕە لەڕاپەڕینی بەردەوامی جووتیارەکان. بۆ نمونە بەدرێژایی سەدەکان ناوەڕاست لەئەڵمانیا خەباتی دوو چینی جووتیارو ئاغاکان پەرەیسەندو بوو بەشەڕێکی بەربڵاوی ناوخۆیی لە نێوان جووتیارانو دەرەبەگەکان، هەمووتان لەگەڵ نمونەی زۆری لەم چەشنە ڕاپەڕینو ململانێیانەی جوتیاران لەگەڵ ئاغاکان لەڕووسیادا ئاشناهەن.

دەرەبەگە خاوەن زەویو زارەکان بۆ پاراستنی دەورو دەسەڵاتی خۆیان ناچاربوون دەزگایەکیان هەبێ، کە بەهۆی ئەم دامودەزگایەوە بتوانن ژمارەیەکی زیاتر لەخەڵك بخەنە ژێر ڕکێفیانو ناچاریان بکەن مل بۆ یاسا تایبەتییەکانیان ڕابکێشن. ئەم یاسایانە لەئەساسدا یەك مەبەستیان ڕەچاودەکرد ئەویش هێشتنەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان بوو بەسەر جوتیاراندا. ئەم دامودەزگایەش هەمان دەوڵەتی دەرەبەگایەتییە کە بۆ نمونە لە ڕوسیادا یاخود وولاتانی بەتەواوی دواکەوتووی ئاسیایی، ئەو شوێنانەی کە تائێستاش شێوەی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی تیایاندا باوە، ووجودی هەیە.

دەوڵەتانی دەرەبەگایەتی لەڕواڵەتو شێوازدا لەگەڵ یەکتر جیاوازییان هەبوو، ئەم دەوڵەتانە یان کۆماری بوون، یاخود پاشایەتی. لەدەوڵەتی پاشایەتیدا دەسەڵاتی تاکە کەس بەڕەسمی دەناسراو لە دەوڵەتی کۆماریشدا دەسەڵاتی

دامودەزگایەکی هەمیشەیی بۆ زۆرداریکردن بەسەر زۆربەی دانیشتوانی کۆمەڵگا، زۆرینەی ئەو کۆمەڵگایە ناچار بکرێ کاری سیستماتیکو بەردەوام بۆ تاقمێکی دیکە بکەن. تا ئەوکاتەی کە چینەکان لەگۆڕێدا نەبوون، دامودەزگایەکی بەم شێوەیەش لەئارادانەبوو. کاتێك چینەکان سەریان هەڵداو بەدوای پەرەسەندنی دابەشبوونی چینایەتی بەبەردەوامی هەر لەو شوێنانەدا دامودەزگایەك بەناوی دەوڵەت سەریهەڵدا.

سیماو شکڵی دەوڵەتیش لەهەموو جێگایەك وەك یەك نەبوون. تەنانەت لەسەردەمی کۆیلایەتیدا ڕووکاری جۆربەجۆری دەوڵەت لەپێشکەوتووترینو بەفەرهەنگترین شارستانیەت ترین وولاتەکانی ئەو سەردەمە بۆ وێنە لەیۆنانی کۆنو ڕۆم دێتە بەرچاو، بەڵام لەئەساسدا هەر هەموویان کۆیلەداری بوون. لەو سەردەمەشدا جیاوازی لەنێوان حکومەتەکان، پاشایەتیو کۆماری، لە نێوان ئەریستۆکراسییەکانو دیموکراسییەکان هەبوو، دەسەڵاتداری پاشایەتی لەسەر ئەساسی دەسەڵاتی تاقە کەسی دامەزرا بوو، کۆماری جۆرێکە لە دەسەڵاتداری کە لەودا کەسانی هەڵنەبژێردراو مەودایان نییە.

ئەریستۆکراسیش لەسەر ئەساسی دەسەڵاتی کەمینەیەکی گچکە لەکۆمەڵگادا داڕێژراوە، دیموکراسیش مانای دەسەڵاتی خەڵك دەگەیەنێ (دیموکراسی لەزمانی یۆنانیدا مانای دەسەڵاتی خەڵکە) هەموو ئەم جیاوازییانە هەر لەسەردەمی کۆیلەدارییەوە سەریان دەرهێنا.

سەرەڕای هەموو ئەم جیاوازییانە دەوڵەتی کۆیلەداری بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕواڵەتی پاشایەتی، کۆماری یان ئەریستۆکراسیو دیموکراسی هەر هەموویان دەوڵەتی کۆیلەدارەکان بوون.

لە هەموو ئەو دانیشتنو ووتاربێژییانەدا کە دەربارەی مێژووی سەردەمی کۆن دەکرێت قسە لەخەباتو ململانێی نێوان دەوڵەتەکانی کۆماریو پاشایەتی هەیە،





گەشەسەندنی گۆڕینەوەو پەیوەندییەکانی بازرگانی، سیستمی دەرەبەگایەتی ڕووی لەکزیکردو ئاسۆی ڕزگاری جووتیارانیشی ڕووناکترو نزیکتر کردەوە.

کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی هەمیشە لەکۆمەڵگای کۆیلەداری ئاڵۆزتر بوو. پیشەسازیو بازرگانی زیاتر پەرەیان سەند، ئەم هەڵدانە(تکامل)ە تەنانەت هەر لەو سەردەمەدا بووە هۆی سەرهەڵدانی گەرای سەرمایەداری. دەرەبەگایەتی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەتەواوی دەسەڵاتدارو باڵا دەست بوو. هەر لەهەمان کاتیشدا شێوەکانی جۆری دەوڵەت لێرەولەوێ وەك یەك نەبوو. لەلایەك هەم دەسەڵاتداری پاشایەتی دەبینین هەم جەمهوری، ئەگەرچی سیماکانی ئەم جمهوریەتانە زۆر ڕۆشن نەبوون، هەرچەند ژمارەی پاشایەتییەکان زۆر زیاتربوون، بەڵام بەهەرحاڵ لەهەردوو شێوەکەدا دەرەبەگی خاوەن زەوی دەسەڵاتداری بێئەملاو ئەولایەو ڕەعیەتیش بەتەواوی لەهەر جۆرە مافێکی سیاسی بێبەش بووە.

ئاشکرایە کە کەمینەیەکی کۆمەڵگا لەژێر سێبەری حکومەتی کۆیلەداریو دەرەبەگایەتیدا نەیاندەتوانی بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژیو زۆرداریکردن زۆرینەی کۆمەڵگا بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لەهەوڵو خەباتی بەردەوامی چینە چەوساوەکان بۆ ڕوخانی سیستمی زۆرداریکردن. لاپەڕەکانی مێژووی کۆیلەداری پڕە لەڕابوونو شەڕی ڕزگاریخوازی دژی کۆیلەیەتی کە دەیانساڵ درێژەی کێشا. حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمان، کە تاکە حزبێکی ئەڵمانییە کە بۆ ڕزگاری لە کۆتی سەرمایەداری خەبات دەکات، هەر بەم بۆنەیەوە ناوی (سپارتاکۆسییەکان)ی هەڵبژاردووە چونکە (سپارتاکۆس) یەکێك لەهەرە بەناوبانگترینو هەڵکەوتووترین قارەمانی ڕاپەڕینی کۆیلەکان بوو، ڕاپەڕینی کۆیلەکان بەسەرکردایەتی سپارتاکۆس نزیك بە 2000 ساڵ لەمەوبەر ڕوویدا، ئیمپراتۆریەتی ڕۆم کە بەڕواڵەت بەخاوەن دەسەڵاتی بێئەملاولا دەهاتە

بەڵام لەڕاستیدا کۆیلەکان نەك بەبەشێك لەهاووڵاتیانی هیچووڵاتێك نەدەژمێردران، بەڵکو تەنانەت بەچاوی مرۆڤیش سەیریان نەدەکرا. یاسا ڕۆمانییەکان کۆیلەیان بەچوارپێ لەقەڵەم دەدا. یاسای کوشتنی نەفسو ئەو یاسایانەی دیکە کە پشتگیرییان لە"خەڵك"دەکرد، کۆیلەکانی نەدەگرتەوە، ئەو قانونانە تەنیا پشتیوانییان لە کۆیلەدارەکان کە بەهاووڵاتی دەناسران دەکرد، جا با دەسەڵاتدارییەکە کۆماری بێت یاخود پاشایەتی لەهەر حاڵێکدا حکومەتی کۆیلەدارەکانە، خاوەن کۆیلەکان هەموو ماف‌و ئیمتیازاتێکیان هەبوو، لەحاڵێکدا یاسا وەکو حەیوان سەیری کۆیلەکانی دەکرد. کۆیلەدار نەك تەنیا سەربەستبووە لەبارهێنانی هەر جۆرە ئاکارێکی توندوتیژ، بەڵکو تەنانەت کوشتنی کۆیلەش بەتاوان نەدەژمێردرا. کۆمارەکانی سەردەمی کۆیلەداری شێوازو ڕووکاری جۆربەجۆری وەکو ئەریستۆکراتیك‌و دیموکراتیکیان هەبوو. لەکۆمارە ئەریستۆکراتیکەکاندا تەنیا ژمارەیەکی کەم لەحەشیمەتی هەڵبژاردە مافی بەشداریکردن‌و دەنگدانیان بۆ دەستەبەر (تضمین) دەکرا.

بەڵام لە کۆمارە دیموکراتیکەکان "تێکڕا" بەشداری هەڵبژاردنیان دەکرد، بەڵام تێکڕای کۆیلەدارەکان، جگە لە کۆیلەکان. دەبێ هەمیشە ئەم خاڵە گرنگو بنەڕەتییەمان لەبەرچاوبێت، چونکە پتر لەهەر شتێك مەسەلەی دەوڵەت‌و ناوەڕۆکەکەیمان بۆ دەردەخات.

دەوڵەت دام‌و دەزگایەکە بۆ زۆرداری کردن‌و سەپاندنی دەسەڵاتی چینێك بەسەر چینێکی دیکەدا. چینێك بەهۆی بوونی ئەو دام‌ودەزگایەوە دەتوانێ چینە ژێردەستەکان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەم دام‌و دەزگایە شێوەی جۆربەجۆری هەیە. دەوڵەتی کۆیلەداری دەتوانێ بەشێوەی پاشایەتی، کۆماری ئەرستۆکراتێك، یاخود تەنانەت دیموکراتیش خۆی بنوێنێ. لەڕاستیدا شێوەو ڕووکاری دەوڵەت ئاڵوگۆڕی زۆری کرد، بەڵام ناوەڕۆکی هەر هەموویان یەکێك بوون‌و کۆیلەکان





خاوەنی هیچ مافێك نەبوون‌و چینی چەوساوەو ژێردەستیان پێکدەهێنا، تەنانەت بەچاوی مرۆڤیش سەیریان نەدەکردن، بەئاشکرا هەر ئەم بارودۆخە لە دەوڵەتی دەرەبەگایەتیشدا دەبینین.

ئاڵوگۆڕ لەشێوەی چەوساندنەوە، دەوڵەتی کۆیلەداری کردە دەوڵەتی دەرەبەگایەتی، ئەم جێگۆڕکێیە گرنگییەکی زۆری هەبوو. کۆیلە لەکۆمەڵگای کۆیلەداریدا خاوەنی هیچ مافێك نەبوو تەنانەت بەمرۆڤیش نەدەژمێردرا. بەڵام چینی چەوساوەی کۆمەڵگای نوێ واتە ڕەعیەت لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا بەزەوییەوە بەسترابووەوە، ئەمەش گرنگترین لایەنی جیاوازی نێوان ئەو دوو سیستمە بوو. (لەو سەردەمەدا ڕەعیەتەکان زۆرینەی کۆمەڵگایان پێکدەهێنا، هێشتا شارنشینی زۆر نەبوو). ئەمەیە بناغەی سەرەکی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی. ڕەعیەت یاخود کۆیلەی زەوی دەیتوانی ڕۆژانێکی دیاریکراو لە ساڵدا لەسەر ئەو زەوییەش کاربکا کە لە لایەن خاوەن موڵکەوە پێی درابوو. لە ڕۆژەکانی دیکەشدا بۆ ئاغاکەی کاری دەکرد. ئەگەر باش سەیری ئەم وەزعیەتە بکەین دەبینین کە جەوهەرو ناوەڕۆکی کۆمەڵگای چینایەتی دەستی لێنەدرا، بەڵکو هەروەك پێشوو کۆمەڵگا لەسەر بنەڕەتی چەوساندنەوە دامەزرا بۆوە. لەم کۆمەڵگا نوێیە تەنیا خاوەن زەوی‌و زارەکان مافی کۆمەڵایەتیان هەبوو، ڕەعیەتەکان لەهەر جۆرە مافێك بێبەش کرابوون. بەکردەوە دەبینرا ئەو هەلومەرجەی کە تێیدان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ کۆیلەکان لەدەوڵەتی کۆیلەداریدا نەبوو بەڵام بەهەرحاڵ دەرفەتێکی لەبارترو ڕێگایەکی باشتر بۆ ڕزگاری ڕەعیەتەکان کرایەوە. چونکە ئاغاکان ڕاستەوخۆ نەیاندەتوانی خۆیان بەخاوەنی ڕەعیتەکان بزانن. رەعیەت دەیتوانی ماوەیەك لەکاتی خۆی بۆ کارکردن لەسەر ئەو پارچە زەوییە کە پێی درابوو، تەرخان بکات، تاڕادەیەك خۆی خاوەنی خۆی بوو[2*]. بەرەبەرە بەدەرکەوتنی ئیمکاناتێکی بەرینتر بۆ